کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-1-2007 12:45 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## لە سێدارەدانی سەدام و چوونە ژێر گڵی نهێنی یەکان. م. حەمید عەزیز

کێ چاو لەم چیرۆکی نەهامەتی یە دەکات دنیای تاڵ و تفتی بێ هەستی و بێ هۆشی سەرکردەیەکی خوێناوی ببینێ و مێژوویەکی تاریکیش بەتەوێڵی ڕەفتارەکانی یەوە بکاتە ووانە بۆخۆی. ؟. من ئەو ووانەیە نابینم کە ببێتە ئامۆژگاری بۆ کاری باشتری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری.. لەپێناوی میللەتی کورددا لە ڕەفتاری سەرکردەکانی ووڵاتەکەم.



لە سێدارەدانی دیکتاتۆرێکی گەورەو ترسناکی وەک و سەدام کەلەماوەی 35 ساڵی حوکم و دەسەڵاتدا کەلە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک بێ نموونە بووە لە زوڵم و فاشیستیدا. ئەم لەسێدارە دانەی سەدام کەلە بەرەبەیانی 2006/12/30 ی کات ژمێر 6 ی سەر لەبەیانی و یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانەدا ڕوویدا ئەم لەسێدارە دانە مێژوویی یەوە هێنانە کایەی لاپەڕەیەکی نوێی سووکنایی یە بۆ دڵی هەزاران دایکی کوڕو کچ کوژراوو شەهیدە.. نیمچە جەژنێکی نەتەوەیی یە بۆ سوێی ئازارەکانی ئانفال و هەڵەبجەو بارزانی یەکان و کەس و کاری گۆڕە بەکۆمەڵەکان.. ژیان و بەرەبەیانێکی ئاسوودەیە بۆ عێراقی یەکان و خەڵکی ئازادی خوازی ناوچەکە. دەبێ لەمەولا میری عێراق بزانێ چۆن ڕەفتار لەگەڵ خەڵکیدا دەکات و بەتایبەت ئەو بەعسییانەی کە ماوون لەناوەوەی عێراق و ئەوانەیشی لە دەرەوەی عێراقن بەتایبەت ووڵاتانی ئوردون و سووریاو یەمەن و فەڵەستین کە بەعسی یەکی زۆریان تێدا دەژی و ئێستا لەو ووڵاتانەدا مەقەڕی ڕەسمی و پشتیوانی دەکرێن لەلایەن ووڵاتانی وەک و سوریاوسعودی یەو ئوردون ولیبیاوە و لەناوەوەی عێراقیش پشتیوانی یەکی گەورە هەیە بۆ بەعسی و تیرۆریستەکان و ئەلقاعیدە لەلایەن ووڵاتانی سوریاو ئێران و هەندێ عەشایەری ناوخۆی عێراق وەک و جبوری و دلێمی یەکان. کەواتە دووڵەتی عێراق دەبێ چی بکات لەدووای ئەم هەنگاوو بارە ئاڵۆزەی کە لە سێدارە دانی سەدامی تێدا بڕیار درا. ؟.

بەڕای من دەبێ میری عێراق دووای ئاشتەوایی لەگەڵ دۆست و نەیارانیدا هەوڵی چاک کردن و ڕاست کردنەوەی هەڵە زۆرەکانی ئەمریکا بدات کەلەعێراقدا ڕوویداوە لەماوەی ئەم 3 ساڵ و نیوو هاتنەی یان داگیرکردنەی ئەمریکا بۆ عێراق بەرامبەر خەڵک و حساب بۆ نەکردنی کارو کردەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەنجامی کارو کاردانەوەی سبەینێ لەلایەن ئەمریکی یەکانەوە ڕاست بکاتەوە. بەڕاستی ئەمریکا ووڵاتێکی گەورەو بەهێزە لەباری ئابووری و سەربازی یەوە بەڵام زۆر لاوازە لەکاری ڕامیاری و دۆستایەتی و پێکەوە ژیاندا. دەبێ چۆن هەڵەکانی ئەمریکا ڕاست بکرێتەوە:

1/ گفتووگۆی دەسەڵاتی عێراقی لەگەڵ ئەو بەعسییانەی کەماوون و دەستییان لە خوێنی خەڵکدا نی یە و بەتایبەت ئەو بەعسی یانەی کە ساڵانێکی زۆرە لەدەرەوەی عێراقن و بەتایبەت ئەوانەی کە تێگەیشتنێک و حاڵی بوونێکیان هەیە بۆ هەژاری و نەهامەتی یەکانی عێراق و خەڵکی عێراق بە هەموو نەتەوەکانی یەوە، ئەوانەی کەلەسەر ڕێبازو ڕێچکەی سەدام نین چونکە بەعسی یەکانی کە ڕەفتاری سەدامیان بەدڵ نەبووە و ساڵانێکە لەدەرەوەی عێراق دەژین و هەر خۆیان بەبەعسی دەزانن ئەوانیش ژمارەیان زۆرن.

2/ گفتووگۆی دەسەڵاتی عێراقی لەگەڵ ئەو هەموو ئەفسەرو پلەبەرزانەی کە دەرکراون لەساڵی 2003 و لەکاتی ڕزگار کردنی عێراق کە دەرکراون لەکارەکانیان لەسەر دەستی ئەمریکی یەکان.

3/ داخستن و قایم کردنی سنورەکانی عێراق بە ڕووی وولاَتانی سوریاو ئوردون و ئێراندا چونکە ناردنی تیرۆریست و یارمەتی بەعسی یەکان لە باری تەقەمەنی و ماڵی یەوە لەم سێ وولاَتەی دراوسێی عێراقەوە ڕەوانە دەکرێت.

4/ نەهێشتنی میلیشیاو چەکداری عەشایەرو مەدەنی بەتایبەت میلیشیای جەیشی مەهدی و بەدرو سەدر.

5/ لێبووردنێکی گشتی بۆ ئەو زیندانییانەی لەسەر کاری ڕامییاری و دژایەتی میری عێراق گیراون و ئێستا لەزینداندان.

6/ هەوڵدانی کەم کردنەوەو ناردنەوەی هێزی ئەمریکا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی خۆی کە ڕای جیهان بەرامبەر عێراق باشتر دەکات چونکە ئەمریکا دووژمنی زۆرەو دوور بوون لە ئەمریکاوە سەلامەتترە ئەم کارەش ڕای دنیا باشتر دەکات بەرامبەر عێراق و کێشەکانی دەشتوانرێ لەڕێگەی دەنگ دانی خەڵکەوە بکرێ و بزانن میللەتی عێراق بەڕێژەی لەسەدا چەند مانەوەی ئەمریکایان دەوێ لەناوچەکەیان.

7/ باشتر کردنی ئابووری و ژیان و گووزەرانی خەڵکی کە مرۆڤ کەم و کوڕی نەبوو لەباری ئابووری یەوە ژیانێکی سروشتی دەژی و دوور دەکەوێتەوە لەکاری ئاژاوە گێڕی و دزی و تیرۆرو تۆقاندن و ڕفاندن و.. هتد.

8/ ئاوەدان کردنەوەی وولاَت لەهەموو بارێکەوە و هەست بەلێپرسراوێتی کردن و ئیشی چاک بەرامبەر خەڵکی.

9/ پارەو داهاتی نەوتی وولاَت نەدزرێ چونکە ماڵی عێراقی یەکانەو خەرج بکرێت بۆ ئاوەدانی وولاَت و ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە کە هەرگیز باش نەژیاوون.

10 / قەرەبووی زیان لێکەوتووی خەڵکانی هەژار کەلەئەنجامی شەڕو ماڵوێرانی یەکانی سەدامەوە بووە و هەروەها لەئەنجامی کارە تیرۆریستی یەکانەوە بووە.

11 / چەسپاندنی یاساو یەکسانی کۆمەلاَیەتی و نەمانی سیستمی خزم خزمێنەو عەشایەری و گرنگی دان بە خوێندەوارو گەنج و کارو بیری ئەکادیمی.

ئەم کارو گفتووگۆیانە دەبێتە هۆی لادانی لاپەڕەیەکی تاریک و هێنانە کایەی لاپەڕەیەکی نوێ و ژیانێکی نوێ بۆ دوارۆژی عێراق. باس نەکردنیشم لەبارەی کوردستانەوە هۆی ئەوەیە کە دەبێ سەرکردایەتی کورد چیدی کوردستان نەلکێنێ بەعێراقەوە و بەرنامەو پلانی سەربەخۆیی چارەی دەردی کوردانە. لەبارەی کاتی لە سێدارەکەی سەدامیشەوە کات و شوێنەکەی نەگونجاو بوو لەبەر ئەم هۆیانە:

إ/ لەسێدارەدانەکەی سەدامی دیکتاتۆر تەنها بەتاوانی شارۆچکەی (دجیل) لە سێدارە درا کە 147 کەسی تێدا کوژرا کەلە هەشتاکاندا هەوڵی کوشتنی سەدامیان دا.

ب/ کات و شوێنەکەی هەڵە بوو، بەڕای من ئەبووایە لەهەڵەبجە لەسێدارە بدرایە و دووای تەوواو بوونی کاتی دادگایی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە جارێکی تر لەسەر کورد لە سێدارە بدرایە بۆ ئەوەی مێژوو بینووسییایە کە دیکتاتۆرێکی خوێناوی وەکو سەدام حسێن لەسەر مەسەلەی کورد لەسێدارە دراوە ئەوکات دەبوو بە بەڵگەیەکی مێژوویی دەووڵەمەند بۆ گەلی کورد لە هەموو جیهاندا. بەلاَم پێم وایە کە پەلە کرا لە سێدارە دانەکە لەبەر تەمەنەکەی بوو کەنەبێتە 60 ساڵ.

ج/ چوونە ژێر گڵی زۆربەی نهێنی یەکانی سەدام و تاوانەکانی کە بەدەست تێکەڵ بوون لەگەڵ هەندێ وولاَت و هەندێ کەسایەتی خیانەت کاری عێراق و کوردستاندا هەیبووە.

د/ کێشەی ئەنفال و جینۆسایدو کیمیا باران و گۆڕی بەکۆمەڵ و بارزانی یەکان مابوو کە ئەکاتە کوشتن و قڕ کردنی میللەتی کورد کە زیاتر لە 195000 مرۆڤی کوردی بێتاوانی تێدا شەهید بوو کە ئەمریکا

خۆی ئاگاداربوو لە ساڵانی 1988/1987 سەدام کوردی بە چ دەردێک برد. ئەمریکا خۆیشی بۆ تەنها خولەکێکیش باسی نەهامەتی یەکانی ئەم گەلە چەوساوەیەی نەکردو تەنها یەک وولاتی بەناو موسوڵمانیش لەو سەردەمەدا غیرەتی نەبوو بەرگری لەو میللەتە هەژارە بکات کە خۆی و نیشتمان و خاک و دارو بەردی ئەسووتێنرا. ماڵ وێرانی یەکانیش هێندە زۆرن هەر بە ڕێژەیی خۆمان نووسیومانە دەنا تاوانەکان لەوە زیاترن کەمن لێرەدا باسی لێوە دەکەم و هیوادارم مێژوو شایەتی حاڵی کوردان بێت و لە ژێر دەستەیی و نەهامەتی ڕزگاری ببێت. ئەو ژمارانەش ئەمانەن:

یەکەم / 5000 شەهیدی هەڵەبجە.

دووەم / 8000 شەهیدی بارزانی یەکان.

سێهەم / 182000 شەهیدی ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

هەر میللەتێک خۆبەخشین و ماڵوێرانی یەکانی نیو ئەوەندەش بن ئەوا ئەو میللەتە شایستەی ئەوەیە لە سەربەخۆیی زیاتریشی پێ ڕەوا ببینرێ. تکام وایە لە سەرکردەکان بۆ ژیانێکی سەربەست و ئازاد بۆ نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان لە چاوسوورکردنەوەی ئەتاتورکەکان و پاسدارو ئاخوندی چڵکن و نەخوێندەوار نەترسن.

م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com